# ئانگ سان سوچی، دەنگێکی دیموکراتخواز لە بۆرماوە

## ئەو کەسایەتییەی هێمای خۆڕاگری بێ توندوتیژی و پرەنسیپی بووە، لە ئێستادا سیاسیانە دەجوڵێتەوە

جۆناتان هێد لەفارسییەوە: ڕۆژان ڕەحمان

IDEA DEPLOMATIC

ئەو ژنەی سەردەمانێک بەناوبانگترین بەندکراوی سیاسی جیهان بوو، لە ئێستادا بەرگێکی ئەوەندە سەرنج ڕاکێشی لەبەردا نییە، بووەتە سیاسەتمەدارێکی سادە و ئاسایی، ئانگ سان سوچی هەروەک چاوەڕێ دەکرا، لەم دوایانەدا سەرلەنوێ بۆ سەرۆکایەتی حزبەکەی هەڵبژێردرایەوە. ناوبراو 35 ساڵ بەرلە ئێستا یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی حزبی یەکێتی نەتەوەیی لە پێناو دیموکراسی، ئەم حزبە بێ ئانگ سان سوچی هیچ واتایەکەی نییە. هێشتا دەتوانرێت بریسکەی شکۆ و گەورەیی لە دەوری ئانگ سان سوچی ببینرێت.

سوچی هەموو کاتێک ڕازاوەیە و بەشداریکرنی لە هەر بۆنەیەکی گشتیدا هاوشێوەی بەشداریکردنی ئەندامانی خێزانی شاهانە یان ئەستێرە بەناوبانگەکانی هۆلیودە. تەنانەت دیپلۆماتە بە ئەزموونەکانیش وەک لایەنگرە پڕجۆش و خرۆشەکانی تامەزرۆن بۆ ئەوەی وێنەی لەگەڵدا بگرن، کاتێک سەرنجی بەرەو لای کەسێک ئاڕاستە دەکات (یان سەرنج بە کەسێک دەدات)، دڵڕفێنی و سەرنجراکێشی کەسایەتییەکەی قورسیەکی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت. ئەستەمە بیهێنینە بەرچاو کە دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان کە بڕیاروایە سێ ساڵیتر بەڕێوە بچێت، شتێک بێت بەدەر لە سەرکەوتنی تەواوەتی حزبی یەکێتی نەتەوەیی لە پێناو دیموکراسی، هۆکاری سەرەکی ئەو سەرکەوتنەش بۆ ڕێز و قورسایی سوچی لە ناو خەڵک دەگەڕێتەوە.

بەڵام ئامادەکردنی حزبەکەی بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات بابەتێکیترە. حزبەکەی لەو ماوە درێژخایەنەی کە سوچی لە زینداندا بوو بەرەو لاوازی چوو بوو. زۆربەی ئەندامانی حزبەکە ڕەوانەی بەندیخانە کران و هەندێکیشیان هەر لەوێ گیانیان لەدەستدا. ئەرکی بەڕێوەبردنی یەکێتی نەتەوەیی لە پێناو دیموکراسیش کەوتە دەست چەند


ئانگ سان سوچی،

ئەندامێکی بەساڵاچوی ئەو حزبە، کە ناسراون بە «مامەکان». حزبەکە ڕێکخستنێکی لاوازی هەیە و ڕووبەڕووی کێشە و مشتومڕی ناوخۆیی بووەتەوەو لەگەڵ نەبوونی سەرچاوەی داراییدا دەستەویەخەیە. بڕیار وابوو بارودۆخەکە تا رادەیـەک بە بەڕێوەچوونی کونگرەی حزبەوە بەرەو باشی بڕوات، بەڵام مەکتەبی سیاسی حزب کە لەم دوایانەدا ئەندامەکانی هەڵبژێردراون، جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ئەنجومەنی پێشوودا نییە.

هەروەها چەندین سکاڵاش لە بارەی بە شێوازی هەڵبژاردنی نوێنەرانی حزب لە چەند شوێنێکی وڵات بـەرزکراوەتـەوە و لـە بەرامبەر نادیموکراتی بوونی ئەو هەڵبژاردنەش ناڕەزایەتی نیشاندراوە. ئانگ سان سوچی داوای لە ئەندامانی پلە نزمی حزبەکەی کردوە، کە بێ ترس و دوودڵی قسە و ناڕەزایەتیەکانیان بخەنەڕوو. سوچی دەڵێت ئامادەیە بۆ پێشوازیکردن لە ڕەخنەکان، بەڵام بەرەو ڕووبوونەوە لەگەڵ کەسایەتیەکی گـەورەی وەک سوچی بۆ هـەموو کەسێک ئاسان نییە، نـەخـوازە ئەگەر ئـەو کەسە چالاکێکی ئاسایی حزبی بێت. شایانی باسە کە ئانگ سان سوچی ئەزمونی بوغزاندنی ئەو کەسانەشی هەیە کە بەرهەڵستیان کردوە. ناوبراو هەروەها لە سەرۆکایەتی لیژنەیەک، ئەرکی ئەوەی پێسپێردرابوو کە لێکۆڵینەوە لە بارەی کانە مسێکی جێی ناکۆکیدا بکات.

ئەو کانە سەرئاوەڵا گەورەیە کە کەوتوەتە رۆژئـاوای شـاری ماندالای، بووەتە هێمای فۆڕمێکی نوێ لە خۆپیشاندان لە بۆرمادا. ئەم کانە بە شێوەی هـەرەوەزی قازانجویستانە لە نێوان کۆمپانیایەکی گەورەی دروستکردنی چەکی چین و کۆمپانیایەکی دایکی سەر بە سوپای بۆرما بەڕێوەدەچێت و دانیشتوانی ئـەو نـاوچـەیـەش لـەو بـڕوایـەدان کانەکە دیمەن و ژینگەی ناوچەکەیان لە ناو دەبات. جوتیارانی بۆرما دەڵێن: کە زەویەکانیان بە شێوەیەکی نادادپەروەرانە لێیان سەندراوە و هەر بۆ ئەم مەبەستەش چالاکوانانی مەدەنی بۆ پاڵپشتیکردنی جوتیاران لە سەرتاسەری بۆرماوە رویان لەو ناوچەیە کردوە.

لە تشرینی دووەمـی ساڵی رابـردودا، پۆلیس هەوڵیدا ئەو خۆپیشاندەرانەی کە دەستیان بەسەر کانەکەدا گرتبوو لەوێ دەربکات، بەڵام پرۆسەی چۆڵکردنی کانەکە بە باشی بەڕێوە نەچوو، لە میانەی ئەو پرۆسەیەدا چەندین کەس بریندا بوون. هەستی توڕەیی و ناڕەزایەتی لەبەرامبەر سوپا و چین (گەورەترین پاڵپشتی حکومەتی ئێستای بۆرما) پەرەی سەندوە، و یەکێک لە گرنگترینی ئەو پرسانەی کە ڕووبـەڕووی حکومەتی نوێ بووتەوە، پرسی خاوەندارێتی زەوییە. هەر بۆیەش، کاتێک تین سین سـەروک کۆماری بۆرما، کەوتە ژێر گوشار، بە زیرەکیەوە بڕیاریدا ئەم کێشە رادەستی خۆشەویستترین سیاسەتمەداری وڵاتەکەی بکات.

**سان سوچی ئامادە نەبوو خۆی لە توندوتیژیە خوێناویە تایفیەکانی نزیك سنوری بۆرما و بەنگلادیش بگلێنی، بەم هۆیەشەوە زۆرێك لە لایەنگرانی پێشوتری لێی هیوابڕاو بوون**

هەر وەک لە کەسایەتی ئانگ سان سوچی چاوەڕێدەکرا، ئەم ئەرکە دژوارەی گرتە ئەستوو و سەردانی ئەو ناوچانەی کرد و پرسەکەی بە ڕاشکاویەوە بۆ دانیشتوانی ناوچەکە شیکردەوە و پێیوتن کە دەست لە کارکێشان و داخستنی کانەکە نـاڕەزایـەتـی دراوسێیەکی بەهێزی لێدەکەوێتەوە. هەڵبەت جەختیشی کردەوە کە دەبێت ستانداردەکانی ژینگەپارێزی و بڕی پێدانی قەرەبوو بە دانیشتوانی ناوچەکە زیاتر بکرێت، ئەوەشی خستەڕوو کە وڵات پێویستی بەم جۆرە سەرماگوزاریانەش هەیە.

ڕەنگە بۆ ژنێک کە لەگەڵ پەسندان و پێداهەڵوتن راهاتووە، بیستنی هـاواری پڕ لە تۆڕەیی ناڕازییەکان لە نـاو کانەکەدا ئەزمونێکی ناخۆش بووبێت. هەروەها ئانگ سان سوچی ئامادە نەبوو خۆی لە توندوتیژیە خوێناویە تایفیەکانی نزیک سنوری بۆرما و بەنگلادیش بگلێنی، بەم هۆیەشەوە زۆرێک لە لایەنگرانی پێشوتری لێی هیوابڕاو بوون.

ئـانـگ سـان سـوچـی چـەنـدیـن جـار پـەسنـی سوپـایـەکـی داوە کـە بـە سـاڵان ئەویان بەندکردبوو، ئەمەش ببووە مایەی سەرسوڕمانی هەندێک کەسیتر. بێگومان ئەوە شتێکی نوێ نییە، کە سوچی ستایشی سوپا بکات، ئەو هەموکات باسی لە خۆشەویستی خـۆی کـردوە بۆ دامـەزراوەیـەک کە لەسەر دەستی باوکی دامـەزراوە. زۆر کەس گەشبین نین بەوەی کە کەسایەتیەک کە سەردەمانێک هێمای خۆڕاگری بێ توندوتیژی و پرەنسیپی بووە، لە ئێستادا سیاسیانە دەجوڵێتەوە و چیتر نایهەوێت لە بەرامبەر هەندێک پرسدا هەڵوێست بگرێت و خۆی ڕووبەڕووی مەترسی ناڕەزایەتی سوپا و کەمبوونەوەی دەنگدەران بکاتەوە، بەتایبەتی وەک پێشتر ئاماژەشی پێکردوە، ئەگەر خوازیاری بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری خولی داهاتوی بۆرما بێت، ئەوا بە دڵنیایەوە پێویستی بە پاڵپشتی سوپا دەبێت.

بـەڵام من لـەو بـڕوایـەدا نیم تێڕوانینی ئـەو بـۆ پرسەکە بـەم جـۆرە بێت. سوچی شیکردنەوەیەکی بەڵگەدار بۆ هەڵوێستەکانی دەخاتەڕوو، و بە باشی دەزانێت کە پێویستی پێکهێنانی هاوپەیمانی هەیە لە پەرلەمانی نوێ و ڕوو لە گۆڕانکاری و گەشەی بۆرما. بەدڵنیایەوە سوچی چەندین پرەنسیپی پتەوی هەیە، بەڵام کاتێک پێیوابێت لـەسەر حەقە دەتوانێت زۆر کـەلـەڕەق بێت. لە راستیدا ئیتر ئانگ سان سوچی هێمایەک نییە. ئەو لە گۆڕەپانی نوێ و ناسەقامگیری سیاسەتی بۆرمادا وەک ئەکتەرێکی لێهاتوە، ئەکتەرێکی خاوەن دەسەڵات، سەرنج ڕاکێش و پابەند بە مرۆڤایەتی.

**سەرچاوە:** (BCC) **فارسی**